گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# هەڵگەڕانەوەی سەرکردە شەهربەراز و کاریگەری لەسەر ڕەوشی سیاسی لە دەوڵەتی ساسانیدا

**کەلسومە جەمیل عبدالواحد**
بەشی مێژوو، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین – هەولێر ، هەرێمی کوردستان، عێراق
kalthuma.abdulwahid@su.edu.krd

**ئەیاد جامی محمد**
بەشی مێژوو، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین – هەولێر ، هەرێمی کوردستان، عێراق
ayad.mohammed@su.edu.krd

## زانیاریەکانی توێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن:٢٠٢٥/٦/٣٠
پەسەندکردن:٢٠٢٥/٨/٥
بڵاو کردنەوە:پایز ٢٠٢٦

**ووشە سەرەکییەکان**
*Sassanids, Khasro Parvez, ShahrBaraz, Heraclius, Bahram Jupin*

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.11.4.28

## پوختە

شەهربەراز سەرکردەی سوپا سالاری دەوڵەتی ساسانی، سەر بە هۆزی(مێهرانی) بەناوبانگی ئەشکانی بوو، لەسەردەمی پاشا خوسرەو پەرویز(590-628ز) بەدەرکەوت، لە چەندین جەنگ لە دژ بێزەنتیەکان سەرکەوتبوو، کە گۆڕانکاری لە ڕەوشی سیاسی ناوخۆی دەوڵەتی ساسانی هەبووە، بەڵام بەهۆی ناڵەباری ڕەوشی ناخۆ و هەبوونی ململانێی سەربازی بە دیاریکراوی لەساڵی (٦٢٨ز)، شەهربەراز لە دژی دەسەڵاتی ناوەند هەڵگەڕایەوەو، خۆی وەك شای دەوڵەت ناساند، ئەمەش بە یارمەتی دەوڵەتی بیزەنتی وهەندێ لە سەرکردەکانی سوپا، زۆری نەخایاند هەر زوو دژایەتی کرا و لە لایەن خانەدانان و پیاوانی ئایینی ودواتر تیرۆر کرا، بەڵام هەڵگەڕانەوەکەی گورزێکی کوشندە بوو لە دەوڵەتی ساسانی کە بووە هۆی ناسەقامگیرییەکی سیاسی درێژخایەن و لاوازبوونی سوپا و لەدەستدانی شکۆی پاشایەتی، کە هەموو ئەمانە زەمینەیان بۆ ڕووخانی یەکجارەکی دەوڵەتی ساسانی لەسەر دەستی موسڵمانان خۆشکرد.

ئەم توێژینەوەیە تیشک دەخاتە سەر سەردەمی خوسرەو پەروێز و

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پەیوەندی لەگەڵ ئیمپراتۆریەتی بێزەنتی و ڕەوشی ناوخۆیی دەوڵەت و ڕۆڵی شەهربەراز، کە کاریگەری لەسەر گۆڕانکارییە سیاسیەکان.

## پێشەکی

دەوڵەتی ساسانی لە کۆتاییەکانیدا، بە دیاریکراوی لە نێوان(579- 651ز) دووچاری چەندین ناکۆکی و ململانێی بۆتەوە، کە لە ئەنجامی ناسەقامیگریی ڕەوشی ناوخۆیی و ماندی بوونی سوپای ساسانی بەهۆی جەنگە درێژخایەنەکان کە دووچاری ببوو، ناکۆکییە ناوخۆییەکانی زیاتر قووڵکردەوە. گومان لەوەدا نیە چەندین فاکتەر لە پشت شۆڕش و هەڵگەڕاوەکاندا هەبوونە، لەوانە لاوازی دەوڵەت بەهۆی شکست لەبەرەکانی جەنگ، هەروەها هەبوونی ململانێ لەسەر وەرگرتنی کورسی دەسەڵات، ئەمانە وای کرد سەرکردە شەهربەراز سوود لەم کەلێنە وەربگرێت، کە لە ئەنجامی شکستی دەوڵەت لە بەرامبەر دەوڵەتی بێزنتی دووچاری ببوو، ئەوەی زیاتر پاڵنەربوو بۆ دژایەتی کردنی دەوڵەت ویستی سەرکردەی ناوبراو بۆ دووبارە زیندووکردنەوەی شکۆی بنەماڵەکەی و دژایەتی بنەماڵەی ساسانی، کە سەر بە بنەماڵەی مێهرانی ئەشکانی بووە.

ئەم توێژینەوەیە زیاتر پێگە و ڕۆڵی سەرکردە شەهربەراز لە چوارچێوەی گۆڕانکارییەکانی دەوڵەتی ساسانیدا دەخاتەڕوو، کە چۆن توانیوەیەتی لە دژی حکومەتی ناوەند هەڵبگەڕێتەوە و بگات بە دەسەڵات ئەگەر بۆ ماوەیەکی کەمیش بێت، ئەمە کاریگەری لەسەر ڕەوتی سیاسی دەوڵەت هەبووە، لەم ڕوانگەیەوە توێژینەوەکە لە پوختە و پێشەکی و لیستی سەرچاوەکان و دووبەشی سەرەکی و چەند سەرباسێك پێکهاتووە، وەکو لە بەشی یەکەمدا ئاماژە بە ڕەوشی ناوخۆی دەوڵەتی ساسانی دەکات، کە چەندین بابەت لەخۆدەگرێت وەك سەردەمی خوسرەو پەروێز و گرنگترین تایبەتمەندییەکانی، دواتر ململانێیەکان وهەژموونی لەسەر ڕەوشی ناوخۆ دەخاتەڕوو، بەشی دووەم باسی هەڵگەڕانەوەی شەهربەراز و دژایەتی کردنی دەسەڵات دەکات، کە لە چەند بابەتێك پێکهاتووە، وەك ناساندنی نەژاد و کەسایەتی شەهربەراز، دواتر شکستی سوپای ساسانی دروستبوونی کێشەی ناوخۆو دروستبوونی هەڵگەڕانەوەکەی شەهربەراز وەرگرتنی دەسەڵاتی شاهانەیی .

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# بەشی یەکەم

## ڕەوشی ناوخۆی دەوڵەتی ساسانی لەم ماوەیەدا

## 1:1. سەردەمی خوسرەو پەروێز(590-628ز) و گرنگترین تایبەتمەندییەکانی

خوسرەو پەروێز لە دوای کوژرانی باوکی هورموزدی چوارەم[1] کە بە پیلانەگێری پیاوانی دەوڵەت و خانەدانان لەساڵی 591ز دەسەڵاتی سیاسی و شاهانەیی دەوڵەتی ساسانی وەرگرت، کارەکانی بە ڕێکخستنی کاروباری ناوخۆیی (Tanari, 1999: 305)، و لە ناوبردنی هەموو ئەو کەسانەی کە لە پلانی کوشتنی باوکی بەژداربوون دەست پێکرد (زرین کوب: ١٣٧٧: ٥١١؛Dyaryee, 2009: 336)، بەڵام گەورەترین کێشە کە رووبەڕوی خوسرەو پەروێز بۆوەتەوە هەڵگەڕانەوەی (بەهرامی شەشەم، یان بەهرام چۆپین) [2]، ئەمە کاریگەری لەسەر باری ناوخۆیی دەوڵەت دروستکرد، کە شەڕی ناوخۆی لێکەوتەوە نزیکەی دوو ساڵی خایاند، تا دواتر خوسرەو پەروێز داوای یارمەتی لە دەوڵەتی بێزەنتی کرد، ئەویش بۆ بەرژوەندی یارمەتیدا، کۆتایی بە شۆڕش و هەڵگەڕانەوەکەی بەهرام هات، خوسرەو دەسەڵات و کورسی

---

(1) هورموزدی چوارەم (٥٧٩-٥٩٠ز): دوای مردنی باوکی کیسرا ئەنۆ شێروان هاتە سەر تەختی پاشایەتی و لەهەمان کاتدا دایکی (فاقم کچی خاقان)ی پادشای تورکستان بوو، بۆ ماوەی دوانزە ساڵ بەردەوام بووە، ئەوەیش بە کوشتنی کەسە نزیکەکانی دەستی پێکردووە، دەوترێ گشت براکانی و وەزیرەکانی سەردەمی باوکیشی کوشتووە، لە ترسی چاوتێبڕینی دەسەڵات و پاراستنی پێگەی خۆی، ئیتر ئەمە بووە بە نەریت، زۆربەی پاشاکانی دەوڵەتی ساسانی پەیڕەوییان کردووە (N.Frye, 1983, 162)، (ابن الأثیر، ٢٠٠٥، ٤٦٩).

(2) بەهرام چۆپین کوڕی بەهرام جشنس لەبنەماڵەی مێهرانی ئەشکانی و فەرمانڕەوای شاری رەی بووە، چۆپین واتە پیاوی دار، یاخود دەوترێ بەژن باڵای جوان و درێژبووە وەکو دار (Theophylact, 1997, 138)، لە دژی خوسرەو پەروێز هەڵدەگەڕێتەوە بە تایبەتی دوای سوکایەتی پێکردنی بەهۆی شکستی جەنگێك لەدژی بێزنتیەکان، بۆیە ئامادە نەبوو دان بەپاشای نوێی دابنێ و خۆی بەشایستەتر دەزانی بۆ وەرگرتنی تەختی پاشایەتی (کریستینسن، ١٩٨٢، ٤٢٧؛ Theophylact, 1997: 138)، هەرچەندە خوسرەو پەروێز نامەی بۆ دەنێری، کە بەڵێنی پێدەدات کە گەورەترین پۆستی سەربازی پێ بدات، بەڵام بەهرام چاو لە دەسەڵاتی شاهانەیی بووە (راوندی، ٣٥٣٦: ٨٣٣)، بەسوپایەکی گەورە بەرەو پایتەخت هات و لەسەر رووباری نەهرەوان جەنگ لەنێوانیان روویدا (پیرنیا و دیگران، ١٨٣٨، ٣١٨) و خسرەو پەروێز نەیتوانی بەرەنگاری سوپای بەهرام چۆپین ببێتەوە بۆیە ناچار بوو پەنا بباتە بەر ئیمپراتۆریەتی بێزەنتی و داوای یارمەتی لەئیمپراتۆر مۆریس بکات (فرح، ١٩٩٧، ٨٩) .

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

شاهانەیی وەرگرتەوە(فرح، ١٩٩٧، ٨٩)، ئەم ڕووداوانە سەرەتایی لاوازی و ڕێگەخۆشکردن بووە بۆ دەست تێوەردانی دەرەکی.

ڕووداوێکی تری گرنگ لەو سەردەمەدا سەریهەڵداو ئەویش بانگەوازی پێغەمبەری ئیسلام موحەمەد (درودی خوای لەسەر بێت) لە ساڵی 627ز نامەی بۆ زلهێزەکانی ئەو کات دەنارد، کە داوای لێدەکرن ستەم لە خۆیان و خەڵك نەکەن و باوەڕ بە خوای تاقە بهێنن، بە هەمان شێوە نامەیەك بە (عەبدوڵلای کوڕی حوزافەی سەهمی) لەساڵی (٦ک/ ٦٢٧ز) بۆ خوسرەو پەروێز دەنێرێ (ابن الأثیر، ٢٠٠٥، ٢٨٦،٢٨٧)، بەڵام ڕەفتاری خوسرەو ناشایستە بووە و داواکەی نێردراوی خوای ڕەتکردۆتەوە[3].

دەتوانین بڵێین خوسرەو پەروێز یەکێک بووە لەبەناوبانگترین پاشاکانی دەوڵەتی ساسانی دوای کیسرا ئەنۆشێروان، کە زۆرترین زانیاری لە بارەی وردەکاری ژیانی و ڕەفتار و ئاکارەکانی، هەروەها لە ڕووی سەربازییەوە پاشایەکی جەنگاوەر و بە توانا بووە، وێرای هەبونی کێشەی زۆر بەڵام توانیوەتی سنووری دەوڵەتەکەی زۆر بەرفراوان بکات (Daryayee, 2009, 34,)، هەرچەندە لە ڕووی کەسایەتیەوە هەندێ تایبەتمەندی خراپی هەبووە، وەکو ئارەزووی زۆری بۆکۆکردنەوەی سەروەت وسامان، خەزێنەکانی پڕ بوون لەزێڕ و زیو و پارە، دەوترێ خەزێنەکانی بۆ چوار هێندە زیادی کرد، لە ڕووی کۆمەڵایەتیەوە، لە کۆشکەکانیدا نزیکەی سێ هەزار ژن و کەنیزەک هەبوونە(عبدالواحد، 2016: 193)، وێرای ئەوەی ئارەزووی زۆری بۆ سەرگەرمی و ڕابواردن  بە تایبەتی بۆ مۆسیقا و گۆرانی، جگە لە پێشکەوتنی هونەری مۆسیقا هونەری هەڵکۆڵین نووسراوەکان لەسیما دیارەکانی ئەو سەردەمە بووە، وەکو بەردە

[3] ) لە ناوەڕۆکی نامەکەدا هاتووە: بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان، لەموحەمەد نێردراوی خودا بۆ کیسرای گەورەی فارس، سڵاو لەو کەسەی رێگای ڕاستی گرتووە و باوەڕی بەخودا و پەیامبەری خودا هێناوە و شایەتی داوە جگە لەخودا هیچ خودایەکی دیکە نییە و منیش نێردراوی خودام بۆ هەموو کۆمەڵی مرۆڤایەتی و هەموو ئەوانەی زیندوون، موسڵمان بە و ملکەچی بە، خۆ ئەگەر خۆت لادا ئەوا ئۆباڵی هەموو مەجووسەکانت دەکەوێتە ئەستۆ (الطبری، ١٩٦١، ١٨٨-١٨٩)، بەڵام خوسرەو پەروێز نامەکەی پێغەمبەری خودای بەهۆی لووتبەرزییەوە دڕاندووە (بورەکەیی، ١٣٨٢، ٧٧، اکبری، ١٣٨٦، ١١٣، تالبرک، د.ت: ٣٧)، نێردراوەکەشی لەکۆشک و سنووری دەوڵەتەکەی دەرکردووە و پەیامبەریش لەبەرامبەر ئەو هەڵوێستەی نزای کردووە بەوەی خودا تاج و تەختەکەی لەناوببات. (ئەنوەر، ٢٠١٨، ١٥٣)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

نووسراوەکەی ئەشکەوتی تاق بوستان[4] کەوێنەی پاشای خوسرەو پەروێز و تاج لەسەرنان و ڕاوکردن و ئاهەنگی مۆسیقای تێدا کێشراوە (سەرفراز و فەیروزمەندی، ٢٠٠٩، ٢٧٣-٢٧٥؛ عبدالواحد، 2023: 105).

## 1:2. ململانێیەکان ڕەنگدانەوەی لەسەر ڕەوشی ناوخۆ

هەبوونی ململانێ وەکو بەشێکی دانەبڕاوی مێژووی مرۆڤایەتی ڕەنگدانەوەی هەبووە لەسەر تاك و قەوارە سیاسیەکاندا، ئەمە وەکو پێشبڕکێ سەپاندنی هەژموون، کە لەنێوان دوو هێزدا بەدی کراوە، بەوەی یەکێکیان هەوڵی زاڵبوون بەسەر ئەویتردا دەدات (عبدالقادر، ٢٠٢٢، ١٢٧)، دەوڵەتی ساسانی لەم ڕەوتە بەدەر نەبووە، هەر سەرەتایی دامەزراندنی لەسەر بنەمای ململانێ بووە، وەکو ئەردەشێر کوڕی بابك لە ئەنجامی شەڕی لە دژی دەسەڵاتی ئەشکانیەکان، و دواتر تیرۆرکردنی براکەی شاپوور دەسەڵاتی وەرگرتووە، ئەمە بە شێوەیەك لە شێوەکان بەردەوام بووە تا  لەماوەی نێوان (٥٧٩-٦٥١ز) گەیشتە لوتکە (الدينوري، ١٩٦٠، ٧٤)، ئەم ڕەوتە لە نێوان بنەماڵەی دەسەڵاتدار، بەجۆرێك بووە کەوا کوڕ باوکی خۆی بکوژێت و برا برای خۆی بکوژێت، لەترسی ئەوەی نەوەکو دەسەڵاتی لێ زەوت بکات، بۆ نموونە (قوبادی دووەم، شێرەوەیە، 590- 628ز) کە 17 کەسی لە ئەندامانی خێزانەکەی لە برا و کەسە نزیکەکانی کوشتووە(راوندی، ٣٥٣٦، ٨٤٧).

وێرای هەبوونی ئەم پرسە لە نێوان بنەماڵەی دەسەڵاتدار گوازرایەوە بۆ نێو سەرکردەکانی سوپاش، بەوەی ئەوانیش چاویان لە وەرگرتنی کورسی دەسەڵات بووە، بەوەی خۆیان بە شایستەتر دەزانی، بە تایبەتی ئەو  سەرکردە سەربازییانەی کە سەر بەبنەماڵە ناودارەکانی ئەشکانی بوون، کە بەبنەماڵەی باکور ناسرابوون (باقر، ١٩٧٩، ١٥٤، عبدالواحد، ٢٠٢٣، ٢٠١)، ئەوان هەمیشە شانازیان بەڕابردووی خۆیان دەکرد، و ئارەزوویان بوو بۆ دووبارە وەرگرتنەوەی دەسەڵات، هەموو کاتێک لەهەلێک دەگەڕان ئەم شکۆمەندیە وەربگرنەوە (عبدالواحد، ٢٠١٦،

(4) تاق بوستان (تاق وەسان) ئەم شوێنەوارە دەکەوێتە رۆژئاوای ئێران و بەشی باکوری رۆژهەڵاتی شاری کرمانشا (قرماسین) لەناوچەیەکی سروشتی دڵرفێن و ناوازەیە، شوێنی راوکردنی شاهانە بووە، هونەرمەندان و پەیکەرسازان چەندین تابلۆی هەڵکەنراوی شاهانەیان بەناوی جیاواز تێدا هەڵکەندووە (عبدالواحد، ٢٠٢٣، ٥٠).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانكۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

١٩٨)، لە لایەکی تر هۆکاری مامەڵەی خراپی خوسرەو پەرویز لە گەڵ فەرماندە سەربازییەکان، بە تایبەتی ئەوانەی لەجەنگ دووچاری سکشت ببوون، بە چاوێکی سووك سەیری دەکردن، هەرچەندە ئەوان خاوەنی هێز و سوپای زۆر بوونە، وەکو ئەوەی لە دژی بەهرام چۆپین ئەنجامدرا (پیرنیا، ٢٠١٣، ٢٧٥)، هۆکار بووە بۆ هەڵگەڕانەوە و دژایەتی کردنی پاشا، کە پشێوی ناوخۆیی و دەست تێوەردانی هێزی دەرەکی لێکەوتەوە.

## بەشی دووەم

### هەڵگەڕانەوەی شەهربەراز و دژایەتی کردنی دەسەڵات

### 2:1. ناساندنی شەهربەراز

شەهربەراز یەکێ لە سەرکردە دیارەکانی دەوڵەتی ساسانی بووە، ناوەکەی بە شێوەی (پیرَگِ شَهْرْوَرا) یان (شَهرْبَراز) هاتووە، بە فارسی ناوەڕاست بە 'شَهْرْوَراز' نووسراوە، کە بەواتای ( بەرازی وڵات) دێت، کە لە ئەفسانەی زەردەشتیەتدا بەراز پەیوەست بووە بە خواوەندی (وهرام، مێهر )و بە پیرۆز ڕاگرتنی و هێمای ئازایەتی و شەرانگێزی بووە (المسعودی، ٢٠٠٥، ٢٥٨، الشاهنامة، ١٩٣٢، ٢٤٧)، کە لە بنەڕەتدا نەژادی بۆ بنەماڵەی مێهرانی ئەشکانی دەگەڕێتەوە، بنەماڵەی مێهران: یەکێکن لەو حەوت بنەماڵە خانەدانانی سەردەمی ساسانیەکان کەڕۆڵێکی بەرچاویان لە گۆڕانکارە سیاسیەکان هەبووە (Thephylact, 1997, 138)، شەهربەراز دوای بڕینی چەندین قۆناغ توانی بگاتە پلەی (سوپاهەبدی نیمرۆز) دەوترێ شەهربەراز ناسناوبووە، ناوی ڕاستەقینەی فەرخان یان فەرهان ماە ئەسفندیار بووە، هەرچەندە سەرچاوەکان بۆچوونی جیاواز لەسەر ناوەکەی دەخەنەڕوو، هەنە لەسەر ئەوە کۆکن (فەرخان شەهربەراز) ناوی سەرکردە دیارەکەی سەردەمی خوسرەو پەروێزە (ابن الأثیر، ٢٠٠٥، ٤٧٦، الطبری، ١٩٦١، ٢٣١)، کەچی توێژەرانی تر لەسەر ئەوە ڕایەن کە (فەرخان) و (شەهربەراز) ناوی دوو کەسایەتی جیاواز بوونە، سەرباری ئەمە دەوترێ (فەرخان) برای (شەهربەراز) بووە (Tabari, 1999, 319؛ برشریعتی،٢٠٢٠، ٢٢٦)، بەڵام ئەوەی لە ڕاستی نزیکترە ئەوەیە، کە شەهربەراز سەرکردەیەکی دلێر و بە توانی سەردەمی خۆی بووە، پەیوەندی خزمایەتی لە گەڵ

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

خوسرەو پەرێز هەبووە کە خوشکی خوسرەو خێزانی ئەو بووە، دووی کوڕی لێی هەبووە(Poursharia، 2008: 205).

دەرکەوتنی شەهربەراز بۆ ئەو سەردەمە دەگەڕێتەوە، کە جەنگ نێوان دەوڵەتی ساسانی و ڕۆمانی سەریهەڵداوە، هەرچەندە پێشتر پەیوەندی نێوان دەوڵەتی ساسانی و بێزەنتی ئاشتیی بووە، بەتایبەتی لە سەردەمی ئیمپراتۆر(مۆریس، 582 -602ز) بە جۆرێ بووە تا ئەو ڕادەیەی دیاری و نامە گۆڕینەوە لە نێوانیاندا هەبووە، چونکە مۆریس یارمەتی زۆری خوسرەوی دابوو بۆ وەرگرتنەوەی دەسەڵاتی حوکمڕانی (البلخی، ١٩٩٩، ١٠٠ ؛ پیرنیا، ٢٠١٣، ٣٧٢)، تا ساڵی ٦٠٢ز لە دەوڵەتی بێزەنتە لە دژی ئیمپراتۆر (مۆریس) کودەتایەک ئەنجام درا (دیورانت، ١٩٨٨، ٢٩٥، العبری، ١٩٨٣، ١٥٥)، بەسەرکردایەتی (فۆکاس، 602 -610ز)[5] مۆریس و خێزانەکەی کوشت، تەنیا کوڕەکەی (ثیودۆس) ڕزگاری بوو (دریایی و خانی، ١٤٠٣، ٦٦؛Daryayee, 2009, 33 )، ئەویش پەنای بۆ خوسرەو پەرویز هێناوە و داوای یارمەتی لێکردووە، خوسرەو ئەم ڕووداوەی بە هەڵ زانیوە، بە مەبەستی پشتیوانی کردن لە جێنشینی دیاریکراو، ئەمەی کردە بەهانە بۆ ڕزگاربوون لەو ڕێکەوتننامەیەی کە پێشتر لە نیوانیان هەبووە، بەم جۆرە جەنگ دەستی پێکردەوە(الدینوری، ١٩٦٠، ١٠٦، الطبری، ١٩٦١، ١٨١، روزبه، ١٣٩٣، ٥٣٨)، ڕەوشی ناوخۆیی دەوڵەتی بێزەنتییش هاندەربووە بۆ سەرهەڵدانی کودەتاکە چونکە خەڵك لە سیاسەتی تاکڕەوی فۆکاس بێزاربوون (sebeos, 1999: 66)، دیارە ناسەقامگیری ناوخۆیی بێزەنتی بەجۆرێك بووە، ئەنجوومەنی پیران و خانەدانا داوا دەکەن کۆتایی بە دەسەڵاتی فۆکاس بهێندرێ، بۆیە پەیوەندی بە بەهێراکلیۆسی[6] باوک کەفەرمانڕەوای باکووری ئەفریقیا بووە دەکەن، بۆ

---

[5] فۆکاس (٦٠٢-٦١٠ز) سەرکردەیەکی سەربازی بوو و کودەتایەکی بەسەر ئیمپراتۆر مۆریس ئەنجام دا و توانی دەسەڵات وەربگرێت و کەسێکی ستەمکار بووە، وڵاتی تووشی ئاژاوە و سەرگەردانی زۆر کرد و بارودۆخی ئیمپراتۆریەت رووی لەئاڵۆزی زۆر کرد بەهۆی ئەو کار و کردەوانەی ئەنجامی داوە (صبرة، ٢٠١٢، ١٤٢).

[6] هێراکلیۆسی باوک بەرەگەز خەڵکی ئەرمینیایە و لەفەرماندە دیارەکانی هێزی بێزەنتیەکان بووە، پلە سەربازییەکانی بڕی تا گەیشتە پلەی جێگری فیلیکۆسی فەرماندەی هێزەکانی بێزەنتی لەرۆژهەڵات، ئینجا بووەتە فەرماندەی هێزەکانی ئەرمینیا و دواتر بۆ قوستەنتینە نێردراوە و یەکێک بوو لەکەسە نزیکەکانی مۆریس (مەغدید، ٢٠٢٤، ١٥٨).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پارمەتی دانیان، بۆیە فەرمانی بەکوڕەکەی کەئەویش ناوی هێراکلیۆس[7] بوو دەکات بۆ ئەم ئەرکە، هێراکیلۆس دەستی بەسەر پایتەخت داگرت و فۆکاس لەسێدارە درا، بوو بە ئیمپراتۆر کەنیسەی مەسیحی پاڵپشت و هاندەری هێراکلیۆس بوون (بینز، ١٩٥٠، ٥٥)،
لەو سەردەمەدا خوسرەو پەروێز دەستی بە جەنگ کردەوە، سوپاکەی بۆ سێ دەستە دابەشکرد، وڵاتی دوو ڕوباری سپارد بە سەرکردە( نارسیس)، بەشی ئاسیای بچووك خرایە ژێر سەرکردایەتی سەرکردە(شاهین)، بەڵام ناوچەکانی ژێر هەژموونی بێزەنتی بە سەرکردەی بەتوانا (شەهربەراز ) ی ڕاسپارد، کە بە ئەندازیاری سەرکەوتنەکان دادەنرێ(ابن الأثير، ٢٠٠٥، ٤٧٥، العابد، ١٩٩٩، ٧١)، کە بە ماوەیەکی کورتدا توانی بەشیکی زۆری ناوچەکانی رۆژئاوای ئاسیا داگیربکات، سەرەتا بەئەرمینیای رۆمانی دەستپێکرد (دریایی، ١٤٠٣، ٣١٣)، شاری دارای داگیرکرد، کە پێگەیەکی ستراتیجی و ئابووری گرنگی هەبووە، هەروەها شارەکانی کپدوکیا[8] و روها[9] و قیسریەی[10] ختسیە ژێر دەسەڵاتی(بر شريعتى، ٢٠٢٠، ٣٣٣)، دواتر لە ساڵی 611ز سەرکردە شەهربەراز هێرشی بۆ شارەکانی حەلەب[11] ئەنتاکیەی[12] برد و ختسیە ژێر رکێفی خۆی (گرانتۆسکی و دیگران، د.ت، ١٧٣، روزبه، ١٣٩٣، ٥٣٨)، ، هەروەها لە ساڵی 613ز سوپای

---

(7) هیراکلیۆس کوری هێراکلیۆسی باوک (گەورە) لەدەوروبەری ساڵی ٥٧٥ز لەدایک بووە دایکی ناوی ئیپیفانیا (Epiphaneia) بووە و لەساڵی ٦١٠ز هاتە سەر تەخت و هێراکلیۆس هەموو ئەو خانەدانانەی وەرگرت کەفۆکاس دەریکردبوون ، هیراکلیۆس گرنگی بە ئایینی مەسیحی داوە و کردیە ئایینی فەرمی و زمان و رۆشنبیری یۆنانی لەجیاتی زمانی لاتینی بەکارهیناوە (العريني، ١٩٦٥، ١١٥، .(theophanes, 1982, 950

(8) کپدوکیا: دەکەوێتە ناوەڕاستی ئەنادۆڵ و یەکێک بووە لەمەڵبەندە گرنگەکانی بازرگانی لەچەرخی ئاشووری کۆن (البرواري، ٢٠١٢، ١١٢).

(9)ڕۆها: Ōrhāyشارێکی کۆنی مێژووییە لە نووسراوە ئاشورییەکان بە شێوەی Adma,Admum هاتووە (Harrak 1992: 209 )، دەکەوێتە جەزیرەی فورات، باکووری ڕۆژئاوای وڵاتی نێوان دوو رووبار(میزۆپۆتامیا) و ڕۆژهەڵاتی رووباری فورات باشووری تورکیای ئەمرۆیە،(باقر، 1956 :470)

(10) قیسریە: شارێکە لەناوەڕاستی تورکیا، لەبەناوبانگترین شارە مێژوویییەکانە، کەقەڵایەکی تێدایە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی جوستنیان (الملان، ٢٠٠٥، ٩٠).

(11) حەلەب: شوێنە جوگرافیەکەی دەکەویە باکووری سوریای ئیستا، مێژووەیەکی کۆنی ،مێژووەیەکی کۆنی هەیە بۆ هەزارەی سێیەمی پێش زایین دەگەڕیتەوە، لە نووسراوەکانی شانشینی ئیبلا بە ( ئەرمان) ، یان ( ئاران)ناوی هاتووە(حمیده، 1978 :35).

(12) ئەنتاکیە: باشترین زەویەکانی وڵاتی شامە دوای دیمەشق کەپاشا سلوکسی یەکەم دروستی کردووە، لەباکووری خۆرئاوای سوریایە بەدووری ٢٠ میل. (المياح، ٢٠١٦، ٦٠)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ساسانی گەیشتە نزیک دەروازەکانی قوستەنتینە (دریایی، ١٣٨٣، ٨٩) و گەمارۆیان خستە سەر شارەکە (بر شریعتی، ٢٠٢٠، ٣٣٣، العابد، ١٩٩٩، ٧٢)، کەمەترسی و دڵەڕاوکێی دروستکرد، بۆیە دەوترێ هێراکلیۆس(هێرقل) بڕیارییدا خەزێنەی دەوڵەت، کە پارە و زێڕ و خشڵی گرانبەهای زۆری تێدابووەو بە ڕێگەی دەریاوە بۆ ئەسکەندەریە بگوازێتەوە، بەڵام بەهۆی هەڵکردنی گەردە لوولەی دەریایی، کەئاراستەی کەشتیەکەی گۆڕییوە، کەوتنە ژێر دەستی سەرکردە شەهربەراز، ئەویش بۆ دەوڵەتی ساسانی ناردووە، خوسرەو پەروێز لەپای ئەم کارە مەزنەی سوپاسی کردووە (المسعودی، ٢٠٠٥، ٢١١، روزبە، ١٣٩٣، ٥٣٨)، سەرچاوەکانی وتە بە ناوبانگەکەی خوسرەو دەگێڕنەوە کە وتوویەتی (سوپاس و ستایش بۆ خودا، کە بە فریشتەکانی یارمەتی داین، بە هەڵکردنی گەردەلوولی دەریایی هاوکارمان بوو، تاوەکو خەزێنەی پاشاکانی ڕۆم و موڵکەکانیان بخاتە ژێر دەستمان) (الثعالبی، ١٩٦٣، ٧٠١، الجاحظ، ١٩١٤، ١٨١). لەساڵی ٦١٤ز قودس( ئۆرشەلیم)ی داگیرکرد و تاڵانکاری زۆریان تێدا ئەنجام دا، و زۆربەی کەنیسەکان سوتێندرا و پەیکەری خاچی پیرۆزیان تاڵانکرد (پیرنیا، ٢٠١٣، ٣٧٢)، بردنی خاچی پیرۆز نارەزایی وتووڕەیی مەسیحیەکانی لێکەوتەوە، چونکە ئەم خاچە بە پیرۆز دانراوە و بردنی نەشیاوبووە (مجهول، ١٣٧٥، ٤٣٤)، (Dayrayee, 2009, 33)، ئەم ڕووداوانە بوێری زیاتری بە خوسرەو پەروێزدا کە زێدەڕۆیی بکات لە داگیرکاری و هەڵمەتە سەربازییەکان.

دواتر شەهربەراز بە بەهاوبەشی لەگەڵ سەرکردە (شاهین[13]) توانی بیابانی نێوان وڵاتی شام و میسر ببڕێ، لە ساڵی 616ز گەیشتنە ناو شاری ئەسکەندەریە[14] و دەستیان بەسەردا گرت، داگیرکردنی ئەو شارە بە خاڵێکی وەچەرخانی گرنگ لە مێژووی دەوڵەتی ساسانی دادەنرێ، چونکە مەبەستیان بووە سنووری دوڵەتەکەیان کە بۆ سەردەمی هەخامەنشیەکان[15]

---

[13] . شاهین: یەکێک بوو لەفەرماندە بە تواناو لێهاتووەکانی سوپای خوسرەو پەروێز، ڕۆڵی لەسەرکەوتنەکانی سوپا هەبووە، لەساڵی ٦٢٦ز لە دوای شکستی لە دژی سوپای بێزنتی مردووە، لەوە دەچێ خوسرەو پەروێز دەستی هەبووە لەکوشتنی( مریم نژاد اکبری : شاهنشاهی ساسانیان، چ١، شرکت مطالعات ونشر کتاب پارسە ، ١٣٨٧ هش ، ص١٠٨؛ Theophanes, The chronicle , p22)

[14] . لەگرنگترین شارەکانی ئیمپراتۆریەتی بێزەنتی بووە، لەدەستدانی بەکارەساتێکی گەورە ئەژمارکراوە، بەوەی سەرچاوەی سەرەکی ئابووری بێزنتی بووە (المیاح، ٢٠١٦، ٧٧).

[15] . هەخامەنشیەکان (550- 331 پ.ز)، ناوەکەی بۆ سەرکردەکەیان ئەخمینس ،یان هاخەمانش دەگەڕێتەوە، لە نزیکەی سالێ (700پ.ز) توانیان خۆیان ڕێکبخەن، سەرەتا لە ڕووی سیاسیەوە لە ژێر دەسەڵاتی میدیەکان بوونە تا سەردەمی کۆرشی مەزن نزیکەی ساڵێ (550 پ.ز) کە توانی میدیەکانی بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆی، زۆربەی جیهانی کۆنیان داگیر کرد وەك لەڕۆژهەڵات لە دۆڵێ سند تا لیبا لە ڕۆژئاوش لە لیدیا (ئەنادۆل) تاوەکو سوریا عێراق و میسر (عبدالواحد، 2023: 19)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بگەڕێننەوە(پیران و دیگران، ١٣٨٣، ٣٣٠)، دواتر تا حەبەشە ڕۆیشتوون، لەئاکامدا قەڵەمڕەوی ساسانیەکان زۆر فراوانبوو (گیرشمەن، ٢٠١٣، ٤٧١). ئەم فراوانبوونەی دەوڵەتی ساسانی و سەرکەوتنەکانی بەشێکی بۆ لێهاتوویی و ئازایەتی سەرکردە شەهربەراز دەگەڕێتەوە، بەوەی توانی گۆڕانکاری لە سنووری جوگرافی و سیاسی دروستبکات.

## 2:2 شکستی سوپای ساسانی دروستبوونی کێشەی ناوخۆ

پاش ئەوەی دەوڵەتی بیزەنتی زۆربەی ناوچەکانی کەوتنە ژێر دەسەڵاتی سوپای دەوڵەتی ساسانی، ئیمپراتۆر هێراکلیۆس دووچاری حاڵەتێکی دەروونی وا دەبێت، کە ویستیوەیەتی لە پایتەخت ڕابکات(Frye, 1983, 33)، بەڵام خانەدانان و پیاوانی ئایینی مەسیحی ڕێگایان نەدا هێراکلیۆس پایتەخت بەجێ بهێڵێت، داوایان لێی کرد سوپایەکی یەکگرتوو دروستبکات، ئامادەنە سەروەت و سامانی کلێسا پێشکەشی بکەن لەپێناوی سەرخستنی پرۆسەکە، چونکە ئامانجیان بوو خاچی پیرۆز و ناوچە داگیرکراوەکان وشکۆ بۆ دەوڵەتی بیزنتی بگەڕێننەوە(Frye, 1983, 33, Thephanes, 1982،12)، ئەوە بوو ئیمپراتۆر هاتەسەر بۆچوونی ئەوان و چەندین چاکسازی ئەنجامدا، وەك دابەشکردنی ئیمپراتۆریەتیەکەی بۆ چەند ناوچەیەکی سەربازی گەورە، سەربازە ڕەسەنەکان بوونە  پشتیوانی سەرەکی دەوڵەت نەک بەکرێگیراوان (Caaca, 1968, 212,)، دوای ئەوەی سوپایەکی نوێی مەشق پێکراو و پڕ چەکی ئامادەکرد (Frye, 1983, 33)، ئەمە کاریگەری زۆری هەبوو لە گۆڕینی هەژموونی دەسەڵات و سەرکەوتن، ئەوە بووە هێراکلیۆس لەساڵی ٦٢٢ز هێرشی کردە سەر ئاسیای بچووک بەگەرووی دەردەنیل تێپەڕی، بەماوەیەکی کورت هەموو شارەکانی ئاسیای بچووکی، یەک لەدوای یەک لەژێر هەژموونی ساسانییەکان دەرهێناو، تا لە کەنداوی ئیسۆس گیرسانەوە (داهیم، ١٣٨٣، ٤٠٥)، لەو ماوەیەدا شەهربەراز لە میسر بووە و خوسرەو پەروێز داوای لێی دەکات بە زووترین کات بگەڕێتەوە و بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی سوپای بیزەنتی، شەهربەراز دەگەڕێتەوە، بەڵام دووچاری کەمین دەبێتەوە لەلایەن سوپای بیزەنتی، کە فیڵی سەربازی بەکاردەهێنن، بەوەی هێرش دەکەن و دواتر ڕادەکەن شەهربەرازیش بە دوایان دەکەوێت، دواتر هێرشی لەناکاو دەکرێتەوە سەریان، ژمارەیەکی زۆر سەربازی ساسانی دەکوژرێت،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

شەهربەراز لەو جەنگەدا دووچاری سکشت دەبێـت، لە بەهاری ساڵی ٦٢٣ز سوپای بێزنتی توانی بچێتە ئازەربایجان و پەرستگای (ئازەر گوشتاسپ) لەشاری گەنزەک وێران و تاڵانی بکەن، وەک تۆڵە کردنەوەیەك وابووە لە دژی هێزەکانی خوسرەو پەروێز، کە وێرانیی تاڵانیان ئەنجامدابوو(دریایی و خانی، ١٤٠٣، ٦٧)، بەڵگەی ئەو ڕاستیانەش کاتێک هێراکلیۆس دەگاتە ناوچەی گەنزەک ئەم سیاسەتە پەیڕەو دەکات و دەست لەهیچ شتێک ناپارێزێت، هەروەها کاتێ دەگەنە وڵاتی میدیا هەرچی ژن و منداڵ و پیاو بکەوتبانە بەرچاویان سەربان دەپەڕاند (مەغدید، ٢٠٢٤، ٢١٨)، هەر ئەوەندە زیاتر نەچوونە پێش، بەرەو باکوور گەڕانەوە بەهۆی هاتنی وەرزی زستان، ساڵی دواتر ساسانییەکان چەند لەشکرێکیان پێک هێنا بەڵام تووشی شکست هاتن (Frye, 1983, 169). ئەم شکستانەی سوپای ساسانی دووبەرەکی و کێشەی ناوخۆی لێکەوتەوە، زیاتر دەوڵەتی بەرەو لێواری لە ناوچوون و هەرەسهێنان برد. دەکرێ چەندین هۆکاری تر دیاری بکرێ بۆ شکستەکانی سوپای ساسانی وەك خراپی مامەڵەی خوسرەو پەروێز لە گەڵ پێشهاتەکان، وەك قبول نەکردنی ئاشتی، کە دەوڵەتی بێزەنتی پێشکەشی کردبوون بۆ وەستانی شەڕ، چونکە خسرەو پەروێز خاوەنی کەسایەتیەکی خۆبەزلزان لووتبەرز و لەخۆبایی ئامانجی بەدەستهێنانی خەزێنەکانی ئیمپراتۆریەتی بێزەنتی بووە(sebeos, 1999, 81-84)، وێرای ئەوەی حیسابی بۆ پیاوانی دەوڵەت و خانەدانەکانی نەدەکرد، بە تایبەتی بنەماڵە دیارەکانی پێکهاتەی دەوڵەتی ساسانی.

### 2:3. هەڵگەڕانەوەکەی شەهربەراز وەرگرتنی دەسەڵاتی شاهانەیی

لە ئەنجامی شکستی سوپای ساسانی بەرامبەر سوپای بێزەنتی لە ساڵی 628ز ، کاردانەوەی خوسرەو پەروێز زۆرنالۆژیکی و خراپ بووە، بەوەی سزای سەختی گشت سەرکردەکانی سوپای داوە، بەوەی بڕیارداوە بە زیندانی کردنی ئەوسەرکردانەی کە بەژداری جەنگەکان بوون(مسکویە، ٢٠٠٣، ١٥٠)، بە بەهانەی ئەوان خیانەتیان کردووە و کەم تەرخەم بوونە لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانیان، دواتر فەرمان دەکات بە کوشتنیان، دەوترێ سەرۆکی پاسەوانانی ئەوکات ناوی (زاد فرۆخ) بووە، فەرمانەکەی جێبەجێ نەکردووە، چونکە وا بیری کردۆتەوەی ئەم فەرمانە لەوانەیە دەرئەنجامی خراپی لێبکێتەوە، چونکە سەرکردەکان لەگەورانی وڵات و

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

خانەدانان بوونە (الفردوسی، ١٩٣٢، ٢٤٤، بر شریعتی، ٢٠٢٠، ٢٣٦)، بەڵام پیرنیا ئاماژە بۆ ئەمە دەکات کە خوسرەو پەرویز گشت سەرکردەکانی کووشتوە، هەوڵی داوە (شەهربەراز و شاهین)نیش بکوژێت، کە ئەوان زۆر خۆشەویست بوونە لە لایەن سەرکردە و سەربازەکان، لە شەڕەکانی دژ بە بێزەنتیان و سەرکەوتنی مەزنیان تۆمارکردووە(پیرنیا، 2013: 375)، دیارە لە دوای ئەم ڕووداوانە شەهربەراز نەگەڕاوەتەوە بۆ تیسەفون بەڵکو بەرەو شاری (ئامەد) ڕۆیشتووە و لەوێ ماوەتەوە، فەرمانداری شارەکە یارمەتی زۆری داوە بۆ خۆکۆکردنەوە و ئامادەکاری بۆ دووبارە شەڕکردنەوە لە دژی هێراکلۆس، بەڵام دووچاری شکست دەبن، خوسرەو پەرویز پاش شکستی شەهربەراز، لێی تووڕە دەبێت، بۆیە نێردراوێکی بۆ لای فەرماندەی سوپای ڕۆژئاوا نارد، خوسرەو پەرویز لە نامەکەدا ئاماژەی بەوەدابوو: کە دەبێت شەهربەراز بکوژن و سوپاکەی بگەڕێننەوە بۆ تیسەفون، بەڵام سەربازە ڕۆمییەکان لە ڕێگادا نێردراوەکەیان دەستگیر کرد و نامەکەیان دا بە کۆنستانتینی سێیەم (کوڕی هیراکلیوس)، ئەویش نامەکەی دایە باوکی، پاش خوێندنەوەی نامەکە، هێراکلیوس بڕیاری دا چاوی بە شەهربەراز بکەوێت و لە کاتی کۆبوونەوەکەیاندا نامەکەی دایە دەستی، دواتر شەهربەراز لەگەڵ هێراکلیۆس ڕێککەوتننامەیەکیان بەست بەو پێیەی میسر و شام و بەشێک لەئاسیای بچووکی گەڕاندەوە بۆ ئیمپراتۆریەتی بێزەنتی و جگە لەوەش ساڵانە دەبێت جزیە بدات بەهێراکلیۆس، دواتر خوسرەو پەرێز لە 628ز لە لایەن کوڕەکەی (شێرەوەیە) دەکوژرێت، کە ناسراوە بە (قوبادی دووەم، ) بەڵام شەهربەراز گوێڕایەڵی بۆ پاشا (قوبادی دووەم) نیشان نەدا دوای ئەوە قوبادی دووەم بەنەخۆشی تاعون کۆچی دوایی کرد کە گشت وڵاتی گرتبووە (sebeos, 1999, 85)، دوای ئەو کوڕەکەی بەناوی (ئەردەشێری سێیەم، ) هاتە سەر تەخت کەتەمەنی تەنیا حەوت ساڵ بوو (الیعقوبی، ١٩٦٠، ١٧٢)، بۆیە یەکێك لە خانەدانان بەناوی (مها ئازەر گوشناسپ) بە ناڕاستەخۆ پاشایەتی دەکرد، بەوەی سەرپەرشتی کاروبارەکانی دەکرد (مسکویە، ٢٠٠٣، ١٦٦-١٦٧، کریستینسن، ١٩٨٢، ٤٧٨)، شەهربەراز ئامادە نەبوو دان بەپادشای بچووک دابنێ Daryayee, 2009: 35,)، ئارەزووی وەرگرتنی تەختی پاشایەتی هەبووە، ئیمپراتۆری بێزونتی ڕۆڵی زۆری هەبووە لە هاندانی بۆ ئەمە، ئەوە بوو شەهربەراز بەسوپاکەیەوە کەژمارەیان بیست هەزار چەکدار بوو بەرەو مەدائینی پایتەخت هات،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەرچەندە ئەو ژمارەیە زێدەڕۆیی زۆری تێدایە، بۆیە لەوە دەچێ ئەم ژمارەکە ڕاست نەبێت، بەڵکو شەش هەزار سەرباز بووبن(دریایی، 1383: 88)، بێگومان داگیرکردنی مەدائین بە پارمەتیدانی سوپای بێزەنتی بووە، بەمجۆرە توانی کۆتایی بەدەسەڵاتی پاشا ئەردەشێری سێیەم بهێنێت (المسعودی، ٢٠٠٥، ٢١١)، بەبێ ڕازیبوونی پیاوماقوڵان و خانەدانان ژمارەیەکی زۆری لێ کوشتن و بەشێوەیەکی دڕندانە حوکمی کرد (الثعالبی، ١٩٦٣، ٧٣١-٧٣٢، روزبە، ١٣٩٣، ٣٤٤)، الدینوری ئاماژە بەوە دەکات شەهربەراز کوشتنی خوسرەو پەروێز کردبووە بیانوو بۆ هاتنە سەر دەسەڵات و هەموو ئەو کەسانەی کوشتووە کەتێوەگلاون لەکوشتنی خوسرەو پەروێز (الدینوری، ١٩٦٠، ١١)، لەلایەکی تر خانەدانەکان و پیاوانی ئایینی نەیاری سەرسەختی بوون لەبەرئەوەی لەبنەماڵەی پاشایەتی نەبووە (پیرنیا، ٢٠١٣، ٣٧٨، باقر، ١٩٧٩، ١٦١)، بۆ یەکەمجار لە مێژووی ساسانییەکاندا، کەسێک لە دەرەوەی بنەماڵەی شاهانە توانی تەختی پاشایەتی داگیر بکات(کاری، ١٣٩٩، ٣٤٤)، ئەم کارەی شەهربەراز شکۆی پاشایەتی و ئەو بیروباوەڕەی شکاند کە تەنها ئەندامانی بنەماڵەی ساسانی شایستەی حوکمڕانین.

نابێ ئەوەشمان لەیاد بچێ ئیمپراتۆریەتی بێزەنتی ڕۆڵێکی سەرەکی هەبووە لەهاتنی شەهربەراز بۆ سەر تەختی پاشایەتی، کەپاڵپشتیان کرد، بەوەی سوپای بێزەنتی لەگەڵیدا هاتبوون بۆ پایتەخت (الطبری، ١٩٦١، ٢٣٠)، شەهربەراز تەنیا چل ڕۆژ لەسەر تەختی پاشایەتی دانیشت، دواتر لەلایەن پاسەوانەکەی خۆی دەکوژرێ (Tabari, 1999, 403)، گومان لەوەدا نیە بە پیلانی خانەدانان بووە، یارمەتیان داوە، پاسەوانەکەی (ماهیار) بووە، ئاماژە بەوە دەکرێت کەبەچەقۆ لەسینگی داوە، تەرمەکەیان بەناو شەقامەکانی شاردا گێڕاوە و سەرکردەکان و خانەدانان هاواریان دەکرد و دەیانوت: ئەمە سزای هەرکەسێکە کە لەبنەماڵەی پاشایەتی نەبێت و داوای تەختی پاشایەتی بکات(الثعالبی، ١٩٦٣، ٧٣٣-٧٣٥، الطبری، ١٩٦١، ٢٣٠-٢٣٤). بێگومان ئەمە وەکو بیروباوەڕی چەسپاو، بنەمای کۆمەڵگەی چینایەتی قبولیان نەبووە، بوون بە شا جگە لە بنەماڵەی ساسانی لە هیچ بنەماڵەیەکی تربێت، هەرچەندە کەسەکە نەشیاویش بێت، بەڵام ئەم ڕووداوانە بووە هۆی ناسەقامگیرییەکی سیاسی درێژخایەن، لاوازبوونی سوپا و لەدەستدانی شکۆی پاشایەتی، کە هەموو ئەمانە زەمینەیان بۆ ڕووخانی یەکجارەکی ئیمپراتۆریەتەکە لەسەر دەستی موسڵمانان خۆشکرد.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## ئەنجامەکانی توێژینەوەکە

لەئاکامی شرۆڤەکردنی ئەم بابەتەدا، بەچەند ئەنجامێک گەیشتووین، دەکرێ لەم چەند خاڵانەی خوارەوە کورتیان بکەینەوە:

یەکەم: هەڵگەڕانەوەکەی شەهربەراز لەئەنجامی نالەباری بارودۆخی ناوخۆیی و سیاسەتە چەوتەکانی خوسرەو پەرویز بووە، کە دیارە سەرکردەی ناوبراو سەر بەیەکێک لەخانەدانە گەورەکانی ئەشکانی (مێهران)بووە، پشت گوێ خستنیان، ململانێ و ناکۆکی لیکەوتەوە.

دووەم: سەرکەوتنەکانی شەهربەراز لەبەرەکانی جەنگدا جێگای شانازی و پێزانین بووە، کە گۆڕانکاری لە نەخشەی جوگرافیی و فروانبوونی سنووری دەوڵەتی لیکەوتەوە ، کەچی شکستی لە جەنگێکدا لە دژی سوپای بیزەنتی لەسەردەمی (هێراکلیۆس) بووە هۆی خراپ مامەلەکردنی خوسرەو پەرێز، دەرکردنی فەرمانی کوشتنی، ئەنجامی خراپی لێکەوتەوە، کە هاندەر بووە بۆ هەڵگەڕانەوە و دژایەتی کردنی شای دەوڵەت.

سێیەم: ناکۆکی و ململانێ لەنێو ریزەکانی سوپا رێخۆشکەر بوو بۆ سەرخستنی هەڵگەڕانەوەکەی، بێگومان ڕۆڵی بیزەنتەش گرنگ بووە کە پاڵپشت و هاندەربووە، وێرای هەموو ئەو کێشە و گرفتانەی ناوخۆی دەوڵەتی ساسانی، خانەدانان و پیاو ماقولان و پیاوانی ئایینی قبولیان نەبووە یەکێك هەرچەندە شیاویش بێت، بێتە شای دەوڵەت ئەمەش بەهۆی سیستەمی چینایەتی کەڕەگی داکوتاو لە نێو کۆمەڵگەی دەوڵەتی ساسانیدا، هەرچەندە شۆڕشەکەی شەهربەراز زۆری نەخایاند، لەلایەن خانەدانە ساسانییەکانەوە کوژرا، بەڵام هەڵگەڕانەوەکەی گورزێکی کوشندە بوو لە بیروباوەڕی چەسپاوی چینایەتی قووڵبوونەوەی شەڕی ناوخۆ و لاوازبوونی سوپا و شکاندنی شکۆی پاشایەتی، ڕێگەخۆشکەر بووە بۆ لە ناوچوونی.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# لیستی سەرچاوەکان

## - قورئانی پیرۆز.

## سەرچاوەکان بەزمانی کوردی:

ئەحمەد، شوان (٢٠٠٧)، چەمکی ململانێ، گفتوگۆیەک لەگەڵ ئاراس فەتاح، چاپخانەی رەنج، سلێمانی.

ئەنوەر، کەیوان ئازاد (٢٠١٨)، مێژووی ئیمپراتۆریی ساسانی، چاپی دووەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.

حەسەن، مەولود ئیبراهیم (٢٠٠٧)، پێکهاتەی ئەفسانەی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی رەنج، سلێمانی.

سەرفراز، عەلی ئەکبەر و فەیروز مەندی، بەهمەن (٢٠٠٩)، دێرینەناسی و هونەر لەسەردەمە مێژوویيەکانی دەوڵەتی ئەشکانی و ساسانی، وەرگێڕانی: وریا قانع، بەرگی دووەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.

عبدالواحد، کلثومة جميل (٢٠٢٣)، بارودۆخی رۆشنبیری و زانست لەدەوڵەتی ساسانیدا، چاپی یەکەم، نوسینگەی التفسير.

عبدالواحد، کەلسومە جەمیل (٢٠١٨)، مێژوی کۆنی رۆژهەڵاتی نزیک، چاپی سێیەم، نوسینگەی التفسير، هەولێر.

گیرشمەن، رۆمەن (٢٠١٣)، مێژووی ئێران لەسەرەتاوە هەتا هاتنی ئیسلام، وەرگێڕانی: سەلاحەددین ئاشتی، بنکەی ژین بۆ بڵاوکردنەوەی کەلەپوری بەڵگەنامەیی و رۆژنامەوانی کوردی، سلێمانی.

مەعروف، کەمال (٢٠٠٧)، رەخنەی نوێی کوردی، بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوە، سلێمانی.

## سەرچاوەی رەسەن بەزمانی عەرەبی:

ابن الأثير، عزء الدين ابي الحسن علي بن ابي الكرم (2005)، الكامل في التاريخ، الطبعة السابعة، دار صادر، بيروت.

ابن العبري، غريغوريوس أبي الفرج بن أهرون الطبيب الملطي، (1999)، وقف على تصحيحه وفهرسته: الأب أنطون صالحاني اليسوعي، الطبعة الثانية، دار الرائد، بيروت.

ابن، لبلخي (1999)، فارس نامة، تحقيق: يوسف الهادي، الطبعة الأولى، الدار الثقافية للنشر، القاهرة.

الثعالبي، ابو المنصور الملك بن محمد بن اسماعيل النيسابوري، (1963م)، تاريخ غرر السير (غرر اخبار ملوك الفرس وسيرهم)، مكتبة الأسد، تهران.

الجاحظ، عمرو بن بحر بن محبوى الكناني (1914)، التاج في اخلاق الملوك، المحقق، احمد زكي باشا، المطبعة الأميرية، القاهرة.

گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

الدينوري، ابي حنيفة احمد بن داود (1960)، الأخبار الطوال، تحقيق، عبدالمنعيم عامر ومراجعة، جمال الدين الشيال، الطبعة الأولى، دار إحياء الكتب العربية، القاهرة.
الطبري، ابى جعفر محمد بن جرير (1961)، تاريخ الرسل والملوك، (تاريخ الطبري)، تحقيق، محمد ابو الفضل ابراهيم، الطبعة الخامسة، دار المعارف، مصر.
الفردوسي، ابو القاسم محمد (1932)، الشاهنامة، ترجمة: الفتح على البنداري، تصحيح وتعليق، عبدالوهاب عزام، مطبعة دار الكتب المصرية، القاهرة.
المسعودي، أبي الحسن علي بن الحسين بن علي المسعودي (2005)، مروج الذهب والمعادن الجوهر، اعتنى به وراجعه، كمال حسن مرعي، الطبعة الاولى، المكتبة المصرية، بيروت.
مجهول، مؤلف (1375)، نهاية الأرب في اخبار الفرس والعرب، به كوشش، محمد تقي دانش پژوه، چاپ اول، سلسله انتشارات انجمن اثار ومفاخر فرهنگي وارشاد اسلامى، تهران.
مسكويه، ابى على احمد بن محمد بن يعقوب (٢٠٠٣)، تجارب الأمم وتعاقب الهمم، الطبعة الأولى، دار الكتب العلمية، بيروت.
ياقوت الحموى، شهاب الدين بن عبدالله الرومى البغدادى (١٩٩٥)، معجم البلدان، الطبعة الثانية، دار صادر، بيروت.
اليعقوبي، احمد بن ابي يعقوب بن جعفر (2003)، تاريخ اليعقوبي، دار صادر للطباعة والنشر، بيروت.

## ژێدەر بە زمانی عەرەبی

اسماعيل، ليلى عبدالجواد (2007)، تاريخ مصر وحضارتها في الحقبة البيزنطية- القبطية، دار الثقافة العربية، بدون مكان الطبع.
باقر، طه ورشيد، فوزي وهاشم، رضا جواد (1979)، تاريخ ايران القديم، وزارة التعليم العالي والبحث العلمي، مطبعة جامعة بغداد.
بينز، نورمان (1950)، الأمبراطورية البيزنطية، تعريب، حسين مؤنس ومحمود يوسف زايد، الطبعة الأولى، لجنة التأليف والترجمة والنشر، القاهرة.
البرواري، ريبر جعفر أحمد (2012)، الحملات العسكرية الأشورية على كوردستان (911-612 ق.م)، الطبعة الأولى، مطبعة خانى، دهوك.
بر شريعتي، بروانة (2020)، اضمحلال الأمبراطورية الساسانية وسقوطها، ترجمة: أنيس عبدالخالق محمود، مراجعة، عمر سليم التل، الطبعة الأولى، المركز العربي للأبحاث ودراسة السياسات، بيروت.
بيرنيا، حسن (2006)، تاريخ ايران القديم من البداية حتى نهاية العهد الساساني، ترجمة: محمد نورالدين عبدالمنعم والسباعي محمد السباعي، الطبعة الثانية، المركز القومي للترجمة، القاهرة.
تالبرك، فردريك، من كورش حتى بهلوى (صورة من تاريخ الشاهنشاهية الإيرانية)، إصدار جامعة بهلوي، شيراز، بدون سنة الطبع.
الجاف، حسن كريم (2008)، موسوعة تاريخ ايران السياسي، تصوير، ابو عبدالرحمن الكردي، الدار العربية للموسوعات، بيروت.
الحكم، عبدالرحمن بن عبدالله ابن عبد (1415)، فتوح مصر والمغرب، مكتبة الثقافة الدينية.
حميده، عبدالرحمن(1978 )حلب مدينة التى لم تقهر مجلة الفيصل, العدد 9.
ديورانت، ول، قصة الحضارة، ترجمة: محمد بدران، لجنة التأليف والترجمة والنشر، بيروت، بدون سنة الطبع.
صالح، مهدية فيصل (2017)، العلاقات السياسية الساسانية- البيزنطية 226-628م، الطبعة الأولى، دار ومكتبة عدنان للطباعة والنشر، بغداد.
صبرة، عفاف سيد (2012)، تاريخ الدولة البيزنطية، الطبعة الأولى، دار الميسرة، عمان.

العابد، مفيد رائف محمود (2019)، معالم تاريخ الدولة الساسانية (عصر الأكاسرة) 226-651م، الطبعة الأولى، دار الفكر للطباعة والنشر، دمشق.
العريني، السيد الباز (1965)، الدولة البيزنطية 323-1081م، دار النهضة العربية، بيروت.
فرح، نعيم (1997)، تاريخ بيزنطة السياسي، كلية الأداب، جامعة دمشق.
كريستينسن، أرثر (1982)، إيران في عهد الساسانيين، ترجمة: يحيى الخشاب، مراجعة، عبدالوهاب عزام، دار النهضة العربية للطباعة والنشر، بيروت.
محمد، عماد عبدالقادر (٢٠٢٢)، لمحات من تأريخ وفلسفه الديانة الزرادشتية، الطبعة الأولى، مكتبة كازى، دهوك.
ميخائيل، مار (١٩٩٦)، تاريخ ميخائيل السرياني الكبير، ترجمة: مار غريغور لويس صليبا شمعون، تقديم، مار غريغور لويس يوحنا ابراهيم، دار ماردين للطباعة، حلب.
المياح، انور (2016)، الفكر العسكري الساساني (226-651م)، دراسة تاريخية، الطبعة الأولى، دار الرافدين، بيروت.

## ژێدەر بەزمانی فارسی

اکبری، مریم نژاد (١٣٤٦)، شاهنشاهی ساسانیان (سیاست، فرهنگ وتمدن ایران عصر ساسانی)، ویراسته، مهدی افشار، شرکت مطالعات ونشر کتاب، تهران.
بورەکەیی، صدیق صفی زاده (١٣٨٣)، تاریخ پنج هزار ساله ایران، جلد اول، چاپ اول، انتشارات آرون، تهران.
بیات، عزیز الله (١٣٨٤)، تاریخ ایران (آز اغاز تاسلسله پهلوی) چاپ اول، مرکز انتشارات جهاد دانشگاهی واحد شهید بهشتی، تهران.
پیران، حسن واشتیانی، عباس اقبال وعاقلی، باقر (١٣٨٢)، تاریخ ایران قبل از اسلام (یا تاریخ مختصر ایران تا انقراض ساسانیان)، چاپ دوم، کتابخانه ملی ایران، تهران.
داهیم، بهرام (١٣٨٣)، خسرو پرویز وجنگهای بیست و هفت ساله ایران و روم، مقدمه، زبیده جهانگیری، چاپ اول، چاپخانه الوان، تهران.
دریایی، تورج (١٣٤٤)، تاریخ وفرهنگ ساسانی، ترجمه: مهرداد قدرت دیزجی، انتشارات ققنوس، تهران.
دریایی، تورج (١٣٨٣)، سقوط ساسانیان (فاتحان خارجی، مقاومت داخلی وتصویر پایان جهان)، ترجمه: منصوره اتحادیه (نظام مافی)، و فرحناز امیر خانی حسینک لو، ویرایش، روزبه زرین کوب، کتابخانه ملی ایران، چاپ سوم، تهران.
دریایی، تورج (١٤٠٣)، ایرانشهر تاریخ تمدن ساسانی، ترجمه: مهناز بابایی، چاپ اول، انتشارات ققنوس، تهران.

دریایی، تورج وخانی، خداد رضا (١٤٠٣)، ایرانشهر و دنیای ساسانی از جیحون تافرات، ترجمه: مریم بیجوند، چاپ هشتم، انتشارات مروارید، تهران.

راوندی، مرتضی (٣٥٣٦)، تاریخ اجتماعی ایران، جلد اول، چاپ چهارم، مؤسسه انتشارات امیر کبیر، تهران.

شعبانی، رضا (١٣٩٦)، مروری کوتاه بر تاریخ ایران، چاپ اول، واژەنامه، تهران.

کاری، اسماعیل مطلوب (١٣٩٩)، در آمدی برهبانی مشروعیت در دولت ساسانی، چاپ یکم، نشرنگاه معاصر، تهران.

کوب، عبدالحسین زرین (١٣٧٧)، تاریخ مردم ایران (ایران قبل از اسلام)، چاپ پنجم، چاپخانه سپهر، مؤسسة انتشارات امیر کبیر، تهران.

کوب، روزبه زرین (١٣٩٣)، تاریخ سیاسی ساسانیان، چاپ اول، مرکز داین المعارف بزرگ اسلامی، تهران.

گرانتوسکی، داندمایۆ، کاشلنکو (١٣٨٦)، تاریخ ایران از زمان باستان تا امروز، ترجمه: کیخسرو کشاورزی، چاپ اول، نشر مروارید، تهران.

## توێژنەوە زانستییەکان

## توێژینەوەکان بەزمانی کوردی

فاتح، چیمەن رقیب (٢٠٢٣)، گۆڕانی دەسەڵات و سنووری قەڵەمڕەوی سیاسی وڵاتی دوو رووبار (٢٣٧١-١١٥٧ پ.ز)، (ماستەر)، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین.

2-عبدالواحد، کەلسومە جمیل(2016) جێندەر لە مێژووی دەوڵەتی ساسانیدا 628-632ز، گۆڤاری زاخۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتیەکان، بەرگی 2، ژمارە 6.

عبدالواحد، کلثومة جمیل وامین، نرمین علی محمد (٢٠٢٣)، رۆڵی کۆمەڵایەتی و سیاسی ئافرەت لەدەوڵەتی ساسانیدا (٢٢٤-٦٥١ز)، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، بەرگی یەکەم، سلێمانی.

عبدالواحد، کەلسومە جەمیل (٢٠٢٥)، ئەفسانەی خراپەکاری لەئاییینی زەردەشتیدا و رەنگدانەوەی لەئەفسانەی کوردیدا، گۆڤاری قەڵای زانست، ژمارە (٣٣)، هەولێر.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## فەرهەنگ

کەریم، رزگار (٢٠٠٧)، فەرهەنگی دەریا، چاپی دووەم، بەرگی یەکەم، ناوەندی رۆشنبیری، سلێمانی.

## نامە زانکۆییەکان بەزمانی عەرەبی

الشواني، شادان اكبر انور (2016)، الصراعات الداخلية واثرها في سقوط الدولة الساسانية 224-651م،(ماجستير)، كلية التربية للعلوم الأنسانية، جامعة تكريت.

2- الكعبي، نصير عبدالحسين (2002)، التاريخ السياسي للدولة الساسانية في المصنفات الأسلامية حتى نهاية القرن الخامس الهجري (ماجستير)، كلية الأداب، جامعة الكوفة.

عادل، مغريش (2015)، النزاعات في منطقة القرن الافريقي في مرحلة ما بعد الحرب الباردة مع التركيز على السودان والصومال (ماجستير)، كلية العلوم السياسية والأعلام، جامعة الجزائر.

قنبر، إسراء سمير صفر (2018)، مكانة المرأة في بلاد فارس في العهد الساساني (226-651م)، (ماجستير) كلية التربية ابن رشد للعلوم الأنسانية، جامعة بغداد.

## سەرچاوە بەزمانی ئینگلیزی

As I Mov, ISAAC (1968), NoLonaer proberty of RED Rocks community college library, Boston.

Daryaree, Touraj (2009), Sasanian Persia, the rise and fall of an empire, I.B. Tauris, London.

Frye, N. Richard (1983), The political history of Iran under the Sasanians, from Cambridge history of Iran, V3, Cambridge.

General, Brigadier (1930), History of Persia, Delhi university library, two volumes, limited st Marian's street, London.

5-HARRAK, AMER (1992). The Ancient Name of Edessa.*Journal of Near Easterm Studies*,University of Chicaho, no 3 , JNES 51,p 209-p214

Sebeos (1999), the Armenian history attributed to Sebeos, introduce-tion with notes by R.W. Thomson, historical commentary by James, Liverpool.

Tabari, al (1999), the Sasanian, the byzantines, the lakmids, and yemen, v5, pf the history of Bosworth.

Theophanes (1982), the chronicle of theophanes annimundi 6059-6305, edited and translated by Harry Tartledove, published by university of Pennsylvania press, USA.

The phylact (1997), the history of the theophylact simocatta, oxford ann NewYork.

Pourshariati, Parvaneh (2008)Declin and fall of the Sasanian Empire the Sasanian-Parthian Confederacy and the Arab Conquest of Iran. London and New York.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# The return of the leader Shahrbaraz and its impact on the political situation in the Sassanid state

**Kalthuma Jameel Abdulwahid**
Department of History, College of Arts, Salahaddin University - Erbil, Kurdistan Region, Iraq
Email: kalthuma.abdulwahid@su.edu.krd

**Ayad Jami Mohammed:**
Department of History, College of Arts, Salahaddin University - Erbil, Kurdistan Region, Iraq
Email: ayad.mohammed@su.edu.krd

## Abstract
This study examines the rebellion of the military commander Shahrbaraz and its impact on the political situation of the Sasanian Empire. Shahrbaraz was one of the most prominent generals during the reign of King Khosrow II (Khosrow Parviz) and belonged to the Arsacid lineage of the Mihran family. He played a decisive role in the Sasanian victories against the Byzantine Empire and significantly influenced the course of internal political events.
Amid escalating internal turmoil and with the support of some military leaders and the Byzantine Empire, Shahrbaraz led a military coup in 628 CE that overthrew the central authority and installed himself as king. However, his rule was short-lived due to opposition from noble families and the Zoroastrian clergy, ultimately leading to his assassination.
Relying on various historical sources, this paper sheds light on the political conditions in the Sasanian Empire during the reign of Khosrow II (590–628 CE), his complex relations with the Sassanian state.

***Keywords**: Sassanids, Khasro Parvez, ShahrBaraz, Heraclius, Bahram Jupin*

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# تمرد القائد شهر براز وأثرها على الوضع السياسي في الدولة الساسانية

**ملخص:**

يتناول هذا البحث تمرد القائد شهربراز وتأثيره على الأوضاع السياسية في الدولة الساسانية. كان شهربراز أحد أبرز القادة العسكريين في عهد الملك الساساني خسرو الثاني (خسرو برويز)، وينتمي إلى أسرة أشكانية من قبيلة مهران. وقد لعب دوراً حاسماً في الانتصارات التي حققتها الدولة ضد البيزنطيين، وأسهم بشكل مباشر في تغيير مسار العديد من الأحداث السياسية الداخلية.

نتيجة لتفاقم الاضطرابات السياسية في الداخل، وبالتعاون مع بعض القادة العسكريين وبدعم من الإمبراطورية البيزنطية، قاد شهربراز انقلاباً عسكرياً في عام 628م أطاح من خلاله بالسلطة المركزية ونصّب نفسه ملكاً على البلاد. غير أن حكمه لم يدم طويلاً بسبب معارضة الأسر النبيلة ورجال الدين، مما أدى إلى اغتياله.

تعتمد هذه الدراسة على عدد من المصادر التاريخية لتسليط الضوء على الأوضاع السياسية في الدولة الساسانية خلال عهد خسرو برويز (590–628م)، وعلاقاته المعقدة مع الإمبراطورية البيزنطية، بالإضافة إلى تدهور الوضع الداخلي، مع إبراز الدور السياسي والعسكري الذي اضطلع به القائد شهربراز ومكانته داخل الدولة الساسانية.

**الكلمات المفتاحية:** الدولة الساسانية، خسرو برويز، شهربراز، هيراكلوس، بهرام جوبين.